# کولتوور، لەگەڵ ڕەوتی تەکنۆلۆژیای سەردەم و ئایندە، دژ، یان دۆست؟

فازیل شەوڕۆ
(ئیرلەندا)

### کولتوور لە کوێوە بۆ کوێ؟

کەم نین ئەو کولتووریست و کولتووریەروەرانەی لەم ساڵانەی دواییدا نێوچەوانی خۆیان وێکناوەتەوە و هەرچی دەروازە و پەنجەرەی ئەم جیهانە هەیە بە قوڕ سواغیان داوە و شەو و ڕۆژ شین و شەپۆڕیانە بۆ ئایندەی کولتووری نەتەوایەتی و میراتی هەزار ساڵەی باب و باپیرانیان. دەستەبژێرێک لە ئەدیب و بیرمەندانیش، بەردەوام کەوتوونەتە پرسیاربارانکردنی مێشکی ئەو خەڵکە، بە پرسیاری تەمومژاوی و لۆژیکی گوماناوی و خەیاڵدانی غەیبدار، ئایندەی مرۆڤایەتی هێندە ڕەش و تاریک و تەڵخ نمایش دەکەن، مرۆڤ بێزی لە داهێنان و ئافراندنە مەزنەکانی سەردەم دەبێتەوە.

چاوپێدا خشاندنێکی خێرا بە ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتیدا، ڕەنگبێ تاسە و ناڕەحەتیی زۆر لەم کولتووریەروەر و نوخبە ئەدیبە گوماندارانە بڕەوێنێتەوە، کاتێک بۆیان ڕوون دەبێتەوە، کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەرگیز کولتووری نەگۆڕ و چەقبەستوو و سەرمەدی، بوونی نەبووە و نابێ.

ئەم کولتوورەی ئیمڕۆ لە ئارادایە – کولتووری کوردی بە نموونە، بەرهەمی چەندان گۆڕانکاری و هەڵشێلان و ئاوێتەکردن و دروستکردنەوەی سەدان ساڵەی نەتەوەیە لە بۆتەی کۆی وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکانی مرۆڤایەتیدا.

ئێمە بە یەقینی، زانیارییەکی متمانەپێکراوی سپیکراوە لە گومانمان لەبەر دەستدا نییە، کە شەنوکەوی کولتووری هەر نەتەوەیەک دەکەین و لە سەرەند و بێژینگی «دروستی و ڕەسەنایەتی» دەدەین. ڕیزبەندیی ناوی دەیان ئیمپراتۆریەتی مەزن و گەورەمان لەبەر دەستە، کە بە فیعلی گۆڕانکار و خوڵقێنەری سەرلەبەری کولتووری مرۆڤایەتی بوون، بەڵام لەبەر تۆمارنەکردن و بە ئەرشیڤنەکردنیان، چۆرۆکە زانیارییەکی گوماناویمان بۆ بەجێ ماوە، با هەر نەبێ چاوێک لە مێژووی ئیمپراتۆریەتی فیرعەونی و ئەکەدی و بابلی و ئیمپراتۆریەتی چینیی دێرین و ئاشووری و فارسی و ساسانی و ڕۆمانی لە چاخەکانی پێش زایین بکەین. لە دوای زایینیش

ئیمپراتۆرییەتەکانی ئەفریقایی و بێزەنتی و ئینکا و چینی مۆدێرن و ئیسلامی و مەغۆلی و عوسمانی، ئەوجا شالاوەکانی کۆلۆنیالیزم و سەردەمی ڕێنێسانس و شۆڕشی پیشەسازی لە ڕۆژاوادا، تا ئیمرۆ کە بە سەردەمی «ئیمپرایۆریەتی مۆدێرنتە» ناوزەد دەکرێ. ئاخۆ دەبێ چەندە گۆڕانکاریی ڕیشەییان لە کولتووری نەتەوەکاندا کردبێ، بە کولتووری نەتەوەی کوردیشەوە.

کەواتە بە کوردی و کرمانجی، کولتوور ئاوی دەریای مرۆڤایەتییە، بەردەوام دەبێ بە هەڵم، ئەوجا بە هەور و لە شێوەی باران و بەفر و تەزرە، دیسان دەگەڕێتەوە نێو کۆشی زەوی و دەریا. ئایندە، هەر گۆڕانکاری و وەرچەرخانێکی لە کۆڵە پشتی خۆی هەڵگرتبێ، قەت جێی مەترسی و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی نییە، چونکە کولتوور نامرێ و فەنا نابێ، بەڵام خۆی دەگۆڕێت و خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا دەگونجێنێت و لە بەرگێکی نوێتردا خۆی نمایش دەکاتەوە.

ئێستا وردتر قەڵەمکاری و چەکوشکاری لەم «بۆچوونە»ماندا دەکەین.

### کولتوور و مۆدێرنتە و تەکنۆلۆژیا

کریستینا دی ڕۆسی، Cristina De Rossi ئەنترۆپۆلۆژیست لە کۆلێژی بارنێت و ساوسگەیت لە لەندەن، بۆ «سەنتەری لێکۆڵینەوەی پێشکەوتوو لەسەر بەدەستهێنانی زمان» (CARLA) بەم شێوەیە پێناسەی کولتوور دەکات و دەڵێت: «کولتوور، نەخشەیەکی هاوبەشی ڕەفتار و ئاوێتەبوونی بنیادەکانی مەعریفی و تێگەیشتنی کۆمەڵێک، یان نەتەوەیەکە کە لە بۆتەی بە کۆمەڵایەتیکردنی تاکەکان فێری دەبین، بۆیە دەکرێ کولتوور وەک ناسنامەیەکی گەشەکردووی نەتەوایەتی سەیر بکرێت. پانتاییەکەشی لە فەرهەنگی ئایین و دابونەریتەوە دەست پێ دەکات تا زمان و موزیک و پۆشاک و خواردن و چۆنیەتی ڕەفتارکردنە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ژنهێنان و پرسە و ئاهەنگ و گۆبەند... تاد.» (١) کولتوور زانیاریی هاوبەش و پراکتیزە کۆمەڵایەتییەکانی هەر کۆمەڵە کەسێک لەخۆدەگرێت. کولتوور فێردەبێت، واتە کەس بە تێگەیشتنێکی سروشتی لە نۆرمەکانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکەی لەدایک نابێت.

مۆدێرنیزم، هەرچەندە ڕەوت و ڕێبازێکی هونەرمەندان بوو بۆ وێنەکردنی واقیع بە کەرەستە و تەکنیکی نوێ، بە مەبەستی باشترکردنی ڕەنگدانەوەی کارە هونەرییەکان لەسەر ژیان، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژە بوو بۆ بزووتنەوەیەکی جیهانی لە کۆمەڵگە و کولتووردا کە لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بەدوای هاوئاهەنگییەکی نوێدا دەگەڕا، لەگەڵ ئەزموون و بەهاکانی ژیانی پیشەسازیی مۆدێرن.

هەرچەندە زاراوەکە زۆر شێوازی جیاواز لەخۆدەگرێت، بەڵام هەندێک بنەمای بنەڕەتی هەن کە پێناسەی هونەری مۆدێرنیستی دەکەن: ڕەتکردنەوەی مێژوو و بەها کۆنەپەرستەکان (وەک وێناکردنی واقیعییانەی بابەتەکان)؛ داهێنان و تاقیکردنەوە لەگەڵ فۆرم (ئەو شێوە و ڕەنگ و هێڵانەی کە کارەکە پێک دەهێنن) مەیلدان بە ئەبستراکت و جەختکردنەوە لەسەر کەرەستە و تەکنیک و بیرۆکەی نوێ، جا ئەجێندای کۆمەڵایەتی و سیاسی جۆراوجۆریش پاڵنەری ئەم ڕێبازە بووە، کە زۆرجار یۆتۆپیایی بوون و مۆدێرنیزم بە گشتی پەیوەست بوو بە دیدگە ئایدیاڵییەکانی ژیان و کۆمەڵگەی مرۆڤ و باوەڕبوون بە پێشکەوتن.

لە ساڵانی شەستەکاندا، بیرۆکەیەکی باڵادەستی هونەر و تیۆرێکی تایبەتی تەسک لە نیگارکێشانی مۆدێرنیستی لەلایەن ڕەخنەگری کاریگەری ئەمریکی

«کلیمنت گرینبێرگ ١٩٠٩- ١٩٩٤»ـەوە داڕێژرابوو، پۆستمۆدێرنیزمی بەداوای خۆیدا هێنا.

ئیمڕۆ مۆدێرنیزم بووەتە چێشتی مجێور، لە دیدگە و بیرۆکەی بیرۆکراسی و عەقڵانیەت و سەرمایەداری و بێهودەیی و عەلمانیەت و تاکگەراییدا. (٢)

هەرچی زاراوەی تەکنۆلۆژیایە، تەنیا ئاماژە بە شتگەلێکی وەک کۆمپیووتەر و مۆبایلە زیرەکەکان و ئینتەرنێت بە گشتی ناکات. هەر ئامرازێک کە لە زانستی زانستییەوە دروست ببێت و خزمەت بە ئەرکێکی دیاریکراو بکات پێی دەوترێت تەکنۆلۆژیا، بەمەش تەکنۆلۆژیا لە ڕووی مێژووییەوە کاریگەری لەسەر کولتوور هەبووە، ئەمە جگە لەو کاریگەرییانەی کە ئێستا لەسەری هەیەتی.

ئیمڕۆ ڕۆڵ و کاریگەریی تەکنۆلۆژیا لە هەردوو ژیانی کەسی و کارکردنماندا هەمیشە لە گەشەکردندایە. تێگەیشتن لەوەی مرۆڤ چۆن تەکنۆلۆژیا لە قاڵب دەدات و چۆن تەکنۆلۆژیایش کارلێکی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر و جیهانی سروشتی دادەڕێژێتەوە، گرنگە، نەک تەنیا بۆ ئەو کەسانەی کە لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان و جێبەجێکردنی تەکنۆلۆژیای نوێ دەکەن، بەڵکوو بۆ هەموو ئەو تاک و ڕێکخراوانەش کە ناچارن ئەو تەکنۆلۆژیایانە لە بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاربهێنن.

ئیمڕۆ ئەم زاراوەیە، چەند پیتێکی بێگیان و بێلایەن نییە لەسەر ژیان و ئایینەدەی مرۆڤایەتی و ژینگە، بگرە لەسەر هەسارە و گەردوونیش، بە پێی ڕوانگە و کۆنتێکستەکەیان مانای جیاوازی پێ دەبەخشن.

دەکرێ بڵێین: تەکنۆلۆژیا خۆی تێگەیشتنە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زانین بە شێوەیەکی داهێنەرانە، بۆ ئەنجامدانی ئەرکە ڕێکخراوەکان، بە پشتبەستن بە ئامێر و ئامرازی داهێنراوی سەردەمییانە، ئەمەش ٣ لایەنی بایەخداری هەیە:

١) تەکنۆلۆژیا بریتییە لە گرتنەبەر و هەنگاونان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکی مرۆڤ نەک تەنیا تێگەیشتن لە کارکردنی جیهانی سروشتی کە ئامانجی زانستە. ئەوە وای کردووە زیاتر لە کارکردنی جیهان تێبگەین کە لە بەرانبەردا بووەتە هۆی پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیای نوێتر و زیاتر.

٢) ئەو زانست و زانیارییەی لە زانستی پیشەیی پراکتیکی لە خۆی دەگرێت، هیچی لە زانیاریی تیۆری هەیەتی کەمتر نییە.

٣) ڕێکخەرێکی خاوەن توانایی بێسنوورە لە ئاوێتەکردنی بەرهەمەکان و ئافراندنی داهێنانی مەزنتر، کە تەواو نەخشە و پرۆگرامی هەموو مرۆڤەکان دەگۆڕێ، لە منداڵێکی ساواوە بگرە، تا جووتیار و ساماندار و کۆمپانیا و کەشتییەکی فەزاوە. بێجگە لەوەی کە تەکنۆلۆژیا ئیمڕۆ پیشەیەکە بە هەزاران پیشەی دیکەی خوڵقاندووە کە پێشتر نەبوون. (٣)

## تارمایی ترسێکی ڕەوا

ئەو کاغەزەی ئیمڕۆ بەکاری دەهێنین، لە ساڵی ١٠٥ی زایینیدا، لەسەر دەستی چینییەکان داهێنرا و دروستکرا، وەک نموونە، لێ ١٠٠٠ ساڵی ڕەبەقی خایاند تا سنعەتەکەی گەیشتە ئەورووپا، ئەوە لە کاتێکدا پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای سەردەم بە خێراییەکی هێندە تیژڕەوانە تەشەنە دەکات و بڵاودەبێتەوە، کە هێشتا قیستی مۆبایلە نوێیەکەت تەواو نەبووە، ڤێرژنێکی تازەباوتر لە بازاڕە. ئێستا داخوازی لەسەر کۆلێژی پزیشکیی چاو لە دابەزیندایە، دوکتۆرانی چاو دەڵێن، ئامێرێکی تازەبابەتی پشکنینی چاو بە چەندان هەزار دۆلار دەکڕین، کەچی دوای شەش مانگ ئامێرێکی دیکەی زۆر پێشکەوتووتر، دەکەوێتە بەردەست، لەبەر نرخ گرانی، نە کۆنەکەمان پارە دەکات و نە دەرەقەتی کڕینی نوێیەکە دێین. زۆربەی ئامرازە

کەتنەلۆژییەکان لە ٦ تا ١٢ مانگدا، ڤێرژنی پشکەوتووتریان لێ دروست دەکرێت، هەرچەندە بڵاوبونەوەیان لە سەرانسەری جیهاندا، یەک ڕێژە و یەک تەوژم نییە.

ئێستا دەبینین، لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٥-٢٠١٤، یەک لەسەر چواری کۆی داهێنانەکانی جیهان لە : ئەمریکا، ژاپۆن، ئەڵمانیا، فەرەنسا و بەریتانیا (G5) ئەنجام دراون، وڵاتانی دیکەش بە دزی و بە ئاشکرا، کەرەستەی تەقلیدی ئەوان دەخەنە بازاڕەکانەوە، بە تایبەتی بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەند و ئەمەریکای لاتینی و ئەفریقیا.

لە ڕەوتی ئەو جیهانگیرییە بێ ئامانەی شاڵاوی بۆ هێناوین، گەشەسەندنی تەکنۆلۆژیا بەو خێراییە، ترسێکی خستووەتە دڵی خەڵکەوە، بە تایبەتی ئەوانەی لە ژێر دەواری وڵاتانی ناپێشکەتوودا دەژین (وایان پێ دەگوترێت)، بەوەی کە ئەو گۆڕانکارییە بێ دەروەستانەی سەردەم دێ کولتوور و ڕەوشت و بەهای جوانییەکانی مرۆڤ وردە وردە ڕاماڵێت، (٤)

ئەوجا ئەم ترسە، لە نێو نەتەوەیەکی وەک خۆماندا، هەم سەرچاوەی هەیە و هەم هۆکار، وەک:

**یەک: کۆنەخوازی**

سەرەڕای ئەو عەمبارە گەورانەی ئێمەمانان لەم دواییەدا هاوێشتوومانە لە بیناسازی و زۆری زانکۆ و بەرزبوونەوەی کێرڤی هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا و گەرمیی بازاڕی کەرەستەی هاوردەکراو و دیکۆر و ئارایشتسازیدا، هێشتا بیرکردنەوەی کۆمەڵ، لە قاوغی هزری خێڵگەرایی و مێژووی شکۆدار و کۆنینەپەرستیدا دەرباز نەبوون، بگرە هەتا دێ پتر وابەستەی ڕابوردوو بن، ڕابوردوو، واتە کولتوور؛ ئەمە جوانتر لە فیستیڤاڵە خێڵەکی و عەشایرییەکان و لە نێو ئەڵقەی زیکری دەروێشەکاندا دەبینرێن، ئاساییە خاوەنی بڕوانامەی باڵا و زانکۆییەکان، دەروێشی دەستماچکەری شێخ بن. ئەوان هەمیشە ترسی لەدەستدانی کولتووری بەستووی ڕابوردوویان لە دڵە و بە چاوی گومانەوە سەیری هەموو داهێنانێکی تەکنۆلۆژیای سەردەم دەکەن و وەک پەتی سێدارە تەماشای دەکەن، قەت بازاڕی جادوو و سیحر و تەلیسم هێندە گەرم نەبووە.

**دوو: سووتانی قۆناغەکان باجی هەیە**

هەموو کۆمەڵێک گەنجینەیەکی مەعریفی و زانیاریی تایبەت بە خۆی هەیە، کەس لە زگی دایکییەوە شتەکان فێر نەبووە، ئەوجا هاوتەریب لەگەڵ ئەم گەنجینە مەعریفییەدا، کۆمەڵ ئەقڵی بیرکردنەوەی بەکارهێنانی گەنجینە و شێوازی وابەستە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی هەیە، ئەمە لۆژیکێکی واقیعبینانەی ئاسایی هەموو کۆمەڵێکە.

بەڵام کۆمەڵی ئێمە، لە ڕەوتێکی مێژوویی ئاساییدا، ئاشنا و ئاشنایەتی لەگەڵ پێشکەوتنە خێرایەکەی تەکنۆلۆژیادا پەیدا نەکردووە؛ بە واتایەکی دیکە، ئێمە خاوەن گەنجینەی مەعریفی پشکەوتوو نەبووین، تا لە هزری کۆمەڵدا مشتوماڵی بکەین و پەرەی پێ بدەین و دەستوپەنجەی خۆمانی پێ بخارێنین، چۆن؟

دیقەتێک لە مێژووی هەوجاڕی کوردی بدە، ئێستا برۆ لاپاڵەکانی هەورامان جوان دیقەت لە هەوجاڕەکەیان بدە کە تا ئێستا جووتی پێ دەکەن و زەوی پێ دەکێڵن، بە قەد سەرە دەرزییەک گۆڕانکارییان تێدا نابینیت، بەڵام کە تەماشای هەوجاڕی ئینگلیزی دەکەی، دەبینیت لە موزەکەیاندا، پتر لە ٣٠ جۆر هەوجاڕ نمایش کراون، هەر یەکەی گۆڕانکارییەکی تێدا کراوە، تا دەگەیتە سەر تراکتۆری مۆدێرن، واتە ئەوان پێ بە پێ لەگەڵ گۆڕانی کولتووری هەوجاڕەکە ڕۆیشتن و لە هزردا هیچ ترسی لەدەستدان و فەنابوونی ئەو میراتەیان نەبووە.

لای ئێمە وانییە، چونکە لە پشت جووتە گایەکەی هەوجارەکەوە، یەکسەر دێین سواری پشتی تراکتۆرەکە دەبین، ئەو ترسەمان لە دڵدا هەیە.

سووتاندنی قۆناغەکان و «لە پرێکدا ببیتە کورێک» باجی گەورەی هەیە؛ باجی شارەزانەبوون و تێنەگەیشتن لە هەنگاوەکانی پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیا. ئەگەر ئێمەش ئینگلیزئاسا، بە شتە نوێیەکان ئاشنا بووینایە، گۆڕانکاری و لەقاڵبدان و داڕشتنەوەی کولتوورمان پێ ئەزم دەکرا و قبووڵمان بوو، چونکە کولتوور هەمیشە لە گۆڕاندایە.

**سێ: چەقین لە نێوان ڕابوردوو و ئاییندەدا**

بڕوانن، ئێمڕۆ (٢٠٢٤)، ڕۆژانە لە هەرێمی کوردستان، لە نێوان ١٢ — ٣٠ ناوونیشانی کتێبی نوێ پەخش و بڵاو دەکرێنەوە، بەدەگمەن ناوونیشانی کتێبێکت دێتە بەرچاو، ئاییندە ناوەڕۆک بێت. کاوێژکردن لە ڕابوردوودا و سوینەوەی کۆنییەکان و پێ فرۆشتنەوەی کاڵا کۆنەکان، پیشەی هەرەزۆری قەڵەمبەدەستەکانمانە، ئەم دیاردەیە بۆ ناو زانکۆ و پەیمانگەکانیشمان دەپەڕێتەوە؛ داهێنان کزە، نوێکاری خاوە، ئافراندن سستە، گۆڕانکاری کیسەڵە، لاساییکردنەوە سەرتۆپە و خۆجوینەوە پێشکەوتنمانە. دەبێ بوێرانە بنووسین کە کورد زۆر کەم متمانەی بە ئاییندە هەیە، ئەگەر بڵێین نەختێکیش لێی دەترسێت هەڵبەستن نییە. کاکڵی گوێزەکە ئەوەیە، زەحمەتە بتوانیت خۆت لەگەڵ تەکنۆلۆژیای سەردەم بگونجێنیت و قاچەکانت هەر لە دقنی ڕابوردوودا چەقیبن. دروستە بڵێین، جێی داخە کورد؛ نە ڕابوردووە، نە ئاییندە. لەکاتێکدا قەشە یۆحەننا پاوڵی دووەم، سەرۆکی کڵێسەی کاسۆلیکی و سەروەری دەوڵەتی ڤاتیکان (١٠٢٠ — ٢٠٠٥)، چەند جوانی گوتووە:

«ئاییندە لەمڕۆکەوە دەست پێ دەکات، نەک لە سبەینێوە. ئاییندە لە زیندانی ڕابوردووەوە لە دایک دەبێ.» (٥)

**چوار: کۆت و سندمی نۆستالیژیا**

ڕۆژهەڵاتییەکان، پتر لە خەڵکی وڵاتانی دیکە، لەرزەت و خۆشی و ئارامیی دەروونی لە سۆز و نۆستالیژیای سەردەمی منداڵی و هەرزەیی خۆیان دەبیننەوە. هەمیشە ئەم دەستەواژەیە لەوێدا دێتە بەرگوێ: «ئای، جاری جاران چەندە خۆشتر بوو.» بەوەی کە تەکنۆلۆژیا و زانستی سەردەم خێراتر، ئاسەوارەکانی پێش خۆی دەسڕێتەوە و بە داهێنانە تازەباوەکانی سەرقاڵیان دەکات، هەمیشە ڕۆژهەڵاتییەکانی وەک خۆمان، ئەوەندەی مەیلی کولتووری جارانیان هەیە، ئەوەندە مەیلی پشکەوتنی تەکنۆلۆژیای سەردەمیان نییە، ئەمەیش ترسێکی شاراوە لە دڵ دروست دەکات.

**پێنج: پیاوسالاری لە تەلەزگەدایە**

سەرەڕای هەموو عەمبازەکانی هاویشتوومانە و دەیهاوێین بۆ بەرەو پێشچوون، حاشاهەڵنەگرە کە هێزی پیاوسالاری، دەسەڵاتسالاری، میرسالاری، ئاغاسالاری، لەوپەڕی هێز و دەسەڵاتدان. وەک چۆن لە سەرەتای سەدەی ڕابوردوو، لە هێندێک شوێندا ئاغاکان دژی کردنەوەی قوتابخانە بوون لە گوندەکانیاندا، نەوەک ڕۆشنبیر و ڕووناکبیران لە ئاییندەدا لەوان باڵاتربن، ئێمڕۆش، ناڕاستەوخۆ، ئەو ترسە هەیە کە ئەو سەربەستی و سەرمایە و کرانەوەی تەکنۆلۆژیای سەردەم لەگەڵ خۆی دەیهێنێ، بە جۆرێک لە جۆرەکان لە دەسەڵات و پایە و مەقامی وان بدات، بۆیە وابەستەبوونی ئەوان بۆ کولتوور لەبەر خاتری چاوی ڕەشی کولتوورەکە نییە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە، ئەوان «کولتوور بە پارێزەر»ی خۆیان دەزانن.

پوختەی ئەم تەوەرە، ئەمەیە: کە جیهانگیری وای کردووە، خەڵک ئاسانتر دەستی بە زانیارییەکان بگات، لە لایەکی دیکەوە ئەمە

كێبڕكێی خستووەتە نێو تەواوی كۆمەڵ و وڵاتەكان لە بواری زۆرتر سامان پەیداكردن و گەیشتن بە پلەی سەرمایەداری، لێرەدا كولتوور بۆ ئێمەمانان، تا ڕادەیەک هەم بەربەستە، هەم ترس. لە دیدی عەوامدا كولتوور «ڕێژەی نەگۆڕە»، مامەڵەكردنی زۆربەی ئەدیب و هونەرمەندانی كوردیش، بە داخەوە، تا ئێستا كرچوكاڵ و تەقلیدی و خاوە و لە تێگەیشتن و ئافراندنە مەزن و خوڵقێنەرەكاندا دوورە كە لە داهێنانەكانی بەیانیدا دەیانبینین. نە حەقمان بە كولتوور داوە، نە زانست و تەكنۆلۆژیامان بۆ خزمەتی نەتەوایەتیی خۆمان، وەک پێویست، بەرجەستە كردووە.

## تەكنۆلۆژیای سەردەم و ئایندە چ گۆڕانكارییەک لە كولتووری نەتەوەدا دەكات؟

دەبێت ئەوە لە مێشكی خۆماندا بنووسین كە هیچ كولتوورێک نییە ساغ و عەسر خۆماڵی و ناوچەیی بێت، هەروەک هیچ كولتوورێكیش نییە سافیی جیهانی بێت. سەرەڕای ئەم تەوژمە بێئامانەی «گەردوونگەرانە» و «شارستانیكردنانە»، هێشتا كولتووری گەردوونی لە دایک نەبووە، لێ جیهان بەو نۆبەرەیەوە ئاوسە. دەگوترا پێكهێنانی «یەكێتیی ئەورووپا و نەقدینەی یۆرۆ»، یان چەتری «پێكهاتەی دەوڵەتانی ئیسلامی»، یان دامەزراندنی «یەكێتیی ئەفریقایی»، یان داهێنانی ڕێكخراوی وەک «نەتەوە یەكگرتووەكان و كۆمكاری عەرەبی ...تاد» ڕەنگە ببنە ئامرازی خوڵقاندنی جۆرێک لە كولتووری یەكگرتووی ئەورووپایی، یان جیهانی، یان ئیسلامی، یان ناوچەگەرایی، بەڵام ئەوە هەر خەون بوو.

ڕاستیی دووەم ئەوەیە، تا ئەم دوادواییە، داهێنان و كاری ڕەخنەیی، ئیشی تاک بووە، نەک كاری دەستەجەمعی، كەواتە گۆڕینی كولتووری نەتەوەیەک، یان پتر، قورسە، بە تاكەكەسێک ئەنجام بدرێت، چونكە دەزانین، هەر داهێنانێكی نوێ، كولتوورێكی نوێ، یان گۆڕانكارییەک لەودا دەهێنێتە ئاراوە، ئەمەش بە واتای كەمكردنەوە لە بەها و بایەخی زانا و ڕەخنەكاران نییە، بەڵام ئەم داهێنان و ڕەخنەكارییانەش لە دەرەوەی فەزا گەورەكەی كۆمەڵ و نەتەوە و جیهاندا ڕوونادەن.

خوێندنەوەی سەردەمییانە و تێڕامانی بیرمەندانە و كەشفكردنی دیدگەی پەیامبەخش لە نێو جەوهەری كولتووردا، فەرز و سونەتە لەسەر كولتووریست و كولتوورناس و پسپۆڕانی، شان بە شان لەگەڵ داهێنان و كارە زانستییەكانی زانا و پسپۆڕاندا.

لێرەدا بایەخی بوونی «عەقڵانییەتی كولتووری» دەردەكەوێت كە ئێمەمانان زۆر پێی ئاشنا نین. ڕۆژانە ١٣ — ١٥ داهێنانی تازەبابەت تەنیا لە زانكۆكانی جیهاندا چاوهەڵدێنن، ژمارەی ئەو داهێنانە كەم نین، كە ناوەكانیان لە كولتووری نەتەوەكاندا دەخوازرێتەوە، زۆربەمان «بلوتووس Bluetooth» بەكاردەهێنن، وەک نموونەیەک، كە ناوەكەی زیندووكردنەوەی كولتووریی لە پشتە. (شا هاراڵد بلوتووز، لە ساڵی ١٩٥٨دا دوو هۆزی گەورەی دوژمنداریی دانیماركی و نەرویژی ئاشت كردەوە و بە یەكی بەستنەوە)، ئەوجا ئامرازی بلوتووسیش دوو ئامێر، یان دوو شت پتر بەیەكەوە دەبەستێتەوە ئەگەرچی نێوانیان هەیە، وەک گوێی مرۆڤ و مۆبایلەكەی دەستی (٦).

خاڵی سێیەم، كە نابێ لە دیدی هێندێكماندا فەرامۆش بكرێت، گۆڕانكارییەكان كە تەكنۆلۆژیا و سەردەمیی بوون بەدوای خۆیاندا دەهێنن، ڕووبەڕووی «گوتاری گومان» دەبنەوە، هەن گەیشتنی مرۆڤ بۆ سەرمانگ بە كوفر دەزانن. مەرام ئەوەیە بڵێ گرینگیدان بە تایبەتمەندییەكانی

دینامیکی کولتووری لە ژیانی هاوچەرخدا، دەتوانێت دید و ڕوئیای گەشتر و هاوسەنگتر بە خودی کولتوور بدات. هاوسەنگیی نێوان کولتوور و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیش وەک سیستمێکی عورفداریی ڕێزلێگیراو، کولتوور لەگەڵ پیرۆزیکردن یەک ناگرێتەوە.

زیادبوونی چڕیی ڕەوتی زانیاریی جیهانی وای کردووە، کە جیهانگیری بتوانێت سنوورەکان تێک بشکێنێت و تەکنۆلۆژیا خێراتر بڵاوبێتەوە، بەتایبەتی بۆ گەشەپێکردنی ئابوورییەکانی بازاڕ لەسەر ئاستی جیهاندا، لەم جریوجۆپەدا، دوور نییە هێندی لقوپۆپی کولتووری نەتەوایەتی بکەونە ژێر پێیان و بپلیشێنەوە.

ڕەنگبێت یەک گۆڕانکاریی کولتووری، کە تەکنۆلۆژیای سەردەم بیهێنێتە ئاراوە، کولتووری پەروەردە بێت، بەوەی کە لە هەموو وڵاتێکدا خوێندکاران و مامۆستایان گەورەترین توێژی کۆمەڵن دوای سوپا، بەردەوامیشی تێدایە، لێرەدا سیستمی دەسەڵاتی خۆجێیی ئەو کۆمەڵە، ڕۆڵ دەبینێ لەوەی چەندە پارێزەری کولتوورە، چەندە بێلایەنە، یان چەندە دژەکولتوورە. بۆ نموونە لە هەموو خوێندنگەیەکی ئامادەیی لە ئایرلەندا، کڵێسایەکی بچووک هەیە، وەک ڕێزگرتنێک لەوانەی خوداپەرستیی خۆیان دەکەن. ئەمە تێڕاونینێکی جوانە بۆ کولتووری نەتەوەیی خۆیان، لە بەرانبەریشدا کتێبخانەی گەورە هەیە کە کتێبی، ڕەنگە زەندەقە و ئیلحادیشی تێدا بێت.

کولتوور شێواندن و گۆڕاندن و ئاوێتەبوون، ڕاستەوخۆ بە هۆشیاریی ڕۆشنبیریی تاکی کۆمەڵ، ئەوجا خڕ کۆمەڵەوە بەندە. ئاسمیلەکردنی زانیاریی بیانی و توانایی بنیادنانی، زۆربەی کات پێویستی بە ڕۆشنبیریی کولتووری و تێگەیشتن لە کولتووری ئەو نەتەوەیە هەیە، ڕیکلامکردن وەک نموونە وەرگرە، ئەو ڕیکلامەی لە هەرێم بۆ «برنج» دەکرێت، لەگەڵ هەمان ڕیکلام جیاوازە کە بۆ هەمان کاڵا لە سوێد دەکرێت، چونکە دوو کولتووری جیاوازن.

دیوێکی دیکەی کاریگەری نەرێنی تەکنۆلۆژیای سەردەم لەسەر کولتوور، ونکردن و دزین و شێواندنی گەنجینە ڕەسەنەکانی نەتەوەیە لە هونەر و گۆرانی و موزیک و پۆشاک و سامانی نەتەوایەتی...تاد، بە تایبەتی بۆ ئەو نەتەوانەی کە وەک نەتەوەی سەربەخۆ و خاوەن دەوڵەت نەناسراون، لێرەدا هەر ٣ نموونە دەهێنینەوە:

**١) دزینی گۆرانی و موزیکی کوردی:** لەبەر نەبوونی یاسا و مافی خاوەنداریەتیی پارێزراو بە یاسا، چەندان بەرهەمی ڕەسەنی گۆرانی و موزیکی کوردی دزراون، ئەوجا چونکە نەتەوە و وڵاتە دزەکە، توانایی میدیای و دارایی و ئابووری و پێگەی نێودەوڵەتی لە ئەوانەی من بەهێزترە و باڵادەسترە، بەرهەمەکەمان دەخرێتە سەر گەنجینەی کولتووری چەتە و دزەکان.

**٢) دزینی سامانی نەتەوایەتی:** حاشاهەڵنەگرە کە سەگی «هەوشار» کە بە هەڵگری ناوی ناوچەکەیەتی و بە ئەسڵ جنسەکەی کوردییە، دوای ڕاپەڕین لێیان دزین لە نەتەوە یەکگرتووەکانەدا ڕەگەزنامەیان بۆ دەرکرد و بە سامانی نەتەوەی خۆیان تۆماریان کرد. (ئەوکاتیش من زۆرم هەوڵ دا، کەس گوێی لێ نەگرتم).

**٣) پۆشاکی کوردی:** ئێستا وڵاتی بەرازیل کڵێتەی کوردی کردووەتە هی خۆی، کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو باو بوو و پێشمەرگە لەسەری دەنا، گوڵینگەی لە قوچک و دوو دەسترازەی گوڵینگەداری پێدا هاتبووە خوارەوە. ئێستا بازاڕەکانی جیهانی پڕ کراون لەم کڵێتە کوردییە و کەسیش نازانێت کە ئەم کاڵایە دەستچن و داهێنانی ژنی کوردە.

ڕیزبەندیی خاڵە نەرێنییەکانی هاتنی تەکنۆلۆژیای سەردەم، لەسەر کولتوور زۆرە، جا چ بە گۆڕینی

ئەو کولتـوورە بێـت، یـان بـە لەقاڵبدان و داڕشـتنەوە و دیزانکردنـەوەی بێـت. دزینـی کولتـوور زەحمەتتـرە لـە ئەوانەی دەوڵـەتن و یاسـای پاراسـتنی خاوەنداریەتییان هە یە .

## چۆن دەتوانین کولتوور لە گێژەنی تەکنۆلۆژیای سەردەم و ئایینده بپارێزین؟

شـاڵاوەکە بەرێوەیـە، پرسـیارە قورسـەکە ئەوەیـە: کولتـوور تـا چ ڕادەیـەک و چ ئاسـتێک دەتوانێـت خـۆی لـەم لافـاوە بپارێزێـت و نەییـات؟ گۆڕانـی خێـرای تەکنۆلـۆژی لەنێـو ئەوانـی تـردا تەکنۆلۆژیاکانـی وەک داتـا گـەورەکان، ئینتەرنێتـی شـتەکان، فێربوونـی ئامێر، زیرەکیـی دەسـتکرد، ڕۆبۆتیـک، چاپـی سـێ ڕەهەنـدی، بایۆتەکنۆلۆژیـا، نانۆتەکنۆلۆژیـا، تەکنۆلۆژیـای وزەی نوێبـووەوە و تەکنۆلۆژیای مانگـی دەسـتکرد و فڕۆکـەی بێفڕۆکـەوان لەخۆدەگرێـت، ئەمانـە چەنـدە خزمـەت بـە مرۆڤایەتـی و ژینگـە و بـوون دەکـەن، هێنـدەش مەترسـیدارن، کـە نازانایانـە بـۆ مـەرام و مەبەسـتی پیـس و گڵاو بەکاردەهێنرێـن، جـا بەکاربـەری ئـەم ئامرازانـەش تـاک و ڕێکخـرا و حکوومەتەکانن، کـە هـەر یەکێکیـان لـە سۆنگەی بەرژەوەنـدی خۆیـەوە بەکاریـان دێنێـت و سـوودیان لـێ وەردەگـرن.

بـۆ ڕزگارکـردن و پاراسـتن و مانـەوەی کولتـوور، حکوومـەت، کـە باڵاتریـن دەزگای دەسـەڵاتە، پێـش تـاک و ڕێکخـراوەکان پێویسـتە، شـارەزایانە و پسـپۆڕانە، سیاسـەتی سـتراتیژی نزیـک و دووری خـۆی هەبێـت، باشـە، هـەوڵ بدرێـت سـوود لـە ئەزموونـی هەندێـک دەوڵـەتـان لـە مـەڕ ئـەم بابەتـە وەربگیرێـت، بـۆ نموونـە دەوڵـەتێکـی وەک ئەڵمانیـا کـە پێـش ٧٠ سـاڵ بەخـۆ کەوتـووە و خەمـی کولتـووری خۆیانـی خـواردووە:

لێـرەدا دەبێـت لەیـەک ئـان و سـاتدا لـە دوو مەیدانـدا، بـە جیـددی و کارامەیـی کار بکرێـت:

**یەک:** کۆکردنەوە و پاراستنی کولتوور.

**دوو:** تەوزیفکردنـەوەی کولتـوور لـە ئـەدەب و هونـەر و زانسـت و پـەروەردەدا... تـاد.

**یەک: کۆکردنەوە و پاراستنی کولتوور**

بـۆ ئـەم مەرامـە، ئـەم هەنگاوانـەی خـوارەوە بایـەخ و ئاکامـی باشـیان دەبێـت:

**١) دامەزراندنی مەڵبەند و ئینستیتیووتی زیندووکردنەوەی کولتوور**

لـەم سـەردەمەدا کاری تاکەکەسـی پـڕ زەحمەتـی و کێشمەکێشـە، بۆیـە دامەزراندنـی دەزگای تایبـەت و پسـپۆڕ، کـە کاری دەسـتەجەمعی تێـدا دەکرێـت، بـۆ پاراسـتنی کولتـووری نەتەوەیـی ئاکامـی باشـی دەبێت. سـەردەمی کارکـردن بـە مجێـز و دڵخـوازی خـۆت و هەوەسـداری کۆتایـی هاتـووە. لێـرەدا ڕۆڵـی پرۆگـرام و بەرنامـەی سـتراتیژی، پسـپۆڕایەتی، کارامەیـی، کەرەسـتە و ئامـرازی تەکنۆلۆژیـای پێشـکەوتوو و پارەوپوولـی بـاش، یارمەتیـدەرن بـۆ کۆکردنـەوە و هەڵگرتـن و پاراسـتنی باشـترین گەنجینـەی ئـەم گەوهـەرە. ڕاسـپاردنی ئـەم ئەرکـە پیـرۆزە بـەم جـۆرە دەزگایـە، وادەکات ئەزموونمـان باشـتر بێـت، وەک بـەردی مەحـەک، بابەتـی سـاغ و ڕەسـەن لـە هـی ساختە و هەڵبەسـتراو جیـا دەکاتـەوە، ئـەوە بێجگـە لـەو متمانـە و بـاوەڕ و ئارامییـە دەروونییـەی بە توێژەر و لێکۆڵـەر و پسـۆڕانی دەبەخشـێت، کاتێـک دەیانەوێت شـەنوکەو و توێژینـەوەی خۆیـان ئەنجـام بـدەن.

**٢) فۆتۆگرتن و بە ئەرشیڤکردنی وێنەکان**

سـوودەکانی فۆتۆگرتنـی شـوێنەوار و کەرەسـتە و نووسـراو و دەستنووسـەکان زۆرن: لـە فەوتـان ڕزگاریـان دەکات؛ لـە تەڕوتووشـی و ئـاو و ئاگـر دووریـان دەخاتـەوە؛ بـە هاسـانی دەیانگەیەنێتـە بەردەسـت و هەمـوو جێگەیـەک کـە مرازمـان بێـت. کامێرای پێشکەوتوو، باڵاترین داهێنانـی مرۆڤـە، کە خزمەتێکمـان بـۆ دەکات جێگـرەوەی نییـە، ئـەوە بێجگـە لـە هەرزانـی کارەکـەو هاسـانی ئەنجامدانـی.

٣) ئامادەکردنی بیبلۆگرافیا و ئینسایکلۆپیدیای کولتوور

لێرەدا دەتوانین کۆبەرهەمی کولتووریمان تۆمار بکەین و بتوانین بە هاسانی دەستمان پێڕابگات. ناوی بابەتە کولتوورییەکە، جۆرەکەی، خاوەنەکەی، شێوەزارەکەی، شوێنەکەی، خێڵ و تیرەکەی، مێژووەکەی، مەقام و مەرتەبەی... تاد.. دەکرێت ئەمە کاری تاک و دەستەجەمعی بێت، بێگومان هی دووەمیان باشترین دەبێت. جا دەکرێت کۆی ئەو بیبلۆگرافیا و ئینسایکلۆپیدیایانەش لە کتێبخانە و ئەرشیڤخانە و ئامێرە دیجیتاڵە پارێزەرەکان هەڵگیرێن و سوودیان لێ وەرگیرێت.

٤) کنە و پشکنین و توێژینەوە

کوتومت، وەک چۆن کنە و پشکنین بۆ پێگە شوێنەواری و جوگرافییەکان دەکرێت، دەبێت پسپۆڕانی بواری کولتوور، بەردەوام خەریکی کاری توێژینەوە و لێکدانە و ڕاڤەکردن و بەراوردکردن و هەڵهێنجانی بەرهەمە کولتوورییە خۆماڵییەکان بن و لە هەموو رووپەکەوە چەکوشکارییان تێدا بکرێت و کتێب و کۆڕ و سیمینار و کۆنفرانسیان بۆ ئەنجام بدرێت، بێگومان ئەمەش کاری ئەوانەیە، لە کولتوورناسی و کولتوورزانیدا ئەزمووندارن و جێگەی متمانە و باوەڕن.

٥) زانستی زاراوەسازیی کولتوور

ئەم کارانەی ئاماژەمان پێدان، ناکرێت بە سەری قۆتی و بە پێخواستی بە ناویان کەوین. ئیمرۆ کولتوور بووەتە ڕشتەیەکی باڵای مەعریفە، لە زانکۆ باڵاکاندا مەقام و پێگەی بەرزی هەیە، بۆیە ئامادەکردن و خواستن و دارشتنەوەی زارسازیی کولتووری، بە پشتبەستن بە فەرهەنگەکانی زمانی دیکە، پێویستە تا بەرگێکی زانستییانە و ئەکادیمییانە بەبەر کارەکەماندا بکەین، کولتوور زانستێکی سەربەخۆیە.

لێرەدا دەبێت کەوانەیەک بکەینەوە، بۆ ئافەرین و دەستخۆشی بۆ هەموو ئەو کارانەی خەمخۆرانی کولتوور، بە ڕەنج و شەونخوونی خۆیان، لەم بوارەدا ئەنجامیان داوە، بەبێ پشتیوانیی ماددی و مەعنەوی هیچ لایەک، بەرهەمیان کۆکردووەتەوە، فەرهەنگیان نووسیوە، بیبلیۆگرافیا و ئینسایکلۆپیدیایان ئامادەکردووە، کاری فۆتۆگرافییان کردووە و توێژینەوەی جوان و ناوازەیان ئەنجام داوە، بە تایبەتی قەڵەمە باڵاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**دوو:** تەوزیفکردنەوەی کولتوور لە ئەدەب هونەر و زانست و پەروەردەدا... تاد، هەرچی میراتی کولتووری نەتەوایەتی هەیە، جا هەر ڕشتە و بابەت و کەرەستەیەک بێت، دەکرێت زانستییانە و هونەرمەندانە و داهێنەرانە لە هەزاران کاری ئەدەبی و هونەری و زانستی و پەروەردەییدا تەوزیف بکرێنەوە.

ئاوازێک، گۆرانییەک، دەقێکی فۆلکلۆری، کەرەستەیەکی کۆن، شوێنەوارێک، ئەفسانە و داستانێک، ... تاد، دەکرێت بکرێن بە کاری هونەری گەردوونی، لە پێشانگە و هۆڵ و سینەماکانی جیهان نمایش بکرێن.

**کێ ئەمە بکات؟**

پەیمانگە و کۆلێژ و زانکۆکان، بەهرەدار و بەهرەمەندەکان، نووسەران و ئەدیبان، هونەرمەندان، دەزگە حکوومی و ناحکوومییەکان بە دەستگرتن و سپۆنسەر و کۆمەککردن، بەمە نەک ناهێڵین تەکنۆلۆژیای سەردەم هەڕەشە لە کولتوور بکات، بەڵکوو تەکنۆلۆژیا بۆ خزمەتکردنی کولتوور بە باشترین و سەکەوتووترین شێوە و میتۆد و ڕێباز تەوزیف دەکەین.

**دوا قسە**

کولتووریش وەک بەرهەمێکی ئەقڵی و مەعریفی و ڕەفتاریی کۆمەڵ، هەمیشە لە گۆڕاندایە، شتی هەیە دەمرێت، هی نوێشی هەن لە دایک دەبنەوە.

تێگەیشتن لە واقیع و هەنگاونان لەگەڵ زانستەکاندا، فریادڕەس و پارێزەری کولتوورە. ترس و دڵەڕاوکێ لە ترسی شاڵاوی تەکنۆلۆژیای سەردەم، هێندە ترسناک و مەترسیدار نییە، ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئاقڵانە و زانستییانە مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکاندا بکەین. دەبێت سوپاسگوزاری تەکنۆلۆژیا بین کە میراتی کولتووریمان لە ڕێی ئەرشیڤە دیجیتاڵییەکان و کتێب و سیدی و تۆمارگەی کاڵا نەمرەکان دەپارێزێت. سوپاسگوزاری بۆ ئەو ئاسانکارییەی کردوویەتی بۆ دەستڕاگەیشتن بە بەرهەمە کولتوورییەکان لە هەر چوار ئیقلیمی جیهان و ئاڵوگۆڕپێکردنیان، بۆ پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان کە یارمەتیدەرە کولتوورستان بەیەکەوە کۆبکاتەوە و گفتوگۆ و قسەوباس دەربارەی کولتوور بکەن و ڕاوبۆچوونەکانیان بگۆڕنەوە.

جیهانگیریی میدیایی و جیهانگیریی تەکنۆلۆژی، یارمەتدەرن بۆ تێکشکاندنی سنوورەکان، بەوەش شێوازی تێڕامان و کارلێککردنی کولتوورەکان لەگەڵ کولتوورەکانی دیکە هاسانتر دەکات، بۆیە ئیمڕۆ هێزێکی سەرەکی بزوێنەری گۆڕانکاریی کولتووری، لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و جیهانی، تەکنۆلۆژیایە.

**ترسی ناوێ، ٣ نموونە دەهێنینەوە:**

(١) پۆشاکی کوردیی ژنان، ساڵانە گۆڕانکاری تێدا دەکرێت و ژنان بە ویست و حەزی خۆیان دیزاینی نوێی تێدا بەرهەم دەهێنن، بەڵام ناو و پەیامەکەی هەر لەدەست نەداوە. ئەوان کە دێنە ئاهەنگی ساڵانەی نەورۆز، لەوپەڕی دنیاوە، شانازی دەکەن کە کراسی کوردییان پۆشیوە، بگرە ژنانی بێگانەش دەیپۆشن. ساڵانێکیش شەرواڵی کوردی، بووبووە مۆدەی ژنان لە ئەورووپا.

(٢) لە چەندان وڵاتانی ڕۆژاوا و ئەمریکاش، چەندان ئاواز و گۆرانی کوردی، لەسەر دەستی ناودارترین کۆنسێرتسازیی جیهان تەوزیف کراونەتەوە و بە ملیۆنان خەڵکی غەیرە کوردییان هێناوەتە ڕەقس و سەما، بەمە چەندان بار نرخ و ئاستی دەقە کوردییەکانیان بەرزتر کردووەتەوە.

(٣) گەڕانەوە بۆ زەخیرە و گەنجینەی کولتوور، یارمەتیدەری ئەدیب هونەرمەندان بووە، چەندان بەرهەمی جوان جوانیان لە چیرۆک و ڕۆمان و شانۆ و شێوەکاری و فۆتۆگرافیدا پێشکەش کردووین و بەردەوامیشن، ئەمانەش شایستەی ئافەرینن.

کۆیە ٢٠٢٤/١١/٢١

**سەرچاوەکان:**


(1) https://www.livescience.com/21478-what-is-culture-definition-of-culture.html.

(2) https://www.tate.org.uk/art/art-terms/m/modernism.

(3) https://www.open.edu/openlearn/science-maths-technology/engineering-technology/what-technology.

(4) https://nap.nationalacademies.org/read/1101/chapter/2.

(5) https://www.brainyquote.com/quotes/pope_john_paul_ii_178863.

(6) https://www.bluetooth.com/about-us/bluetooth-origin.


**سەرنج:**

ئەم بابەتە لە دووەمین فیستیڤاڵی ڕامان، سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠٢٤/١٢/٢٠ پێشکەش کراوە.
**(ڕامان)**